لە هەولێر پرۆژەیەکی تایبەت بە ڕووی نابینایان دەست بەجێبەجێکردنی کرا

بە یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی تایبەت بە ڕووی نابینایان دەست بەجێبەجێکردنی کرا.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە (16ـی تشرینی یەکەمی 2023)، ئومێد خۆشناو لە باخی شار بە ڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند: "خاوەن پێداویستی تایبەتی هاوشێوەی نابینایان وەکو هەر مرۆڤێکی تر مافی ژیانێکی شەرەفمەندانەیان هەیە و ئەوان هێز و توانایان لە کەسانی چاوساغ کەمتر نیە بەڵکو توانایان زیاترە لە کەسانی ئاسایی، لەم ڕوانگەوە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری ڕێگاوبان بە نابینایان ئەرکێکی ئەخلاقی سەر شانمانە".

پارێزگای هەولێر وتیشی، "زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ڕووی هاتووچۆی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە، بە تایبەت شوێنە گشتییەکان و شێقامەکان، ئێمەش بە زیاتر گرنگیدان بەو کەسانە و پارێزگاریکردن لە سەلامەتییان لەکاتی هاتووچۆدا، ئەم کارەی ئێمەش سەرەتایە و لە بەرنامەی کارماندایە لەپێناو پێشکەوتنی زیاتری کەمەگە و گەیاندنی خزمەتگوزاریی هەمەجۆر بە سەرجەم چین و توێژەکان و بەتایبەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت".

جێگەی باسە، پرۆژەی دروستکردنی ڕەڕووی نابینا لەسەر شەستی شێقامی چوارییانی نیشتیمان و شەستی

شەقامی بازاری سیروان تاوەکو چواریانی شەخی چەپی و شەستەی پارکی شار و قەیسەری و قەڵا و شەقامی باتە خرایە بواری جەبەجە کردن.